# قەسابەکەی بەڵکان و مەرگ لە تەنهاییدا

بەختیار کەریم

سەرەتا هیوادارم خەیاڵی بەپیتی خوێنەر نەچێت بۆلای قەسەباکەی هەولێری مەزن، ئەو قەسابەی بەناوی پاراستنی ئاسایش و کەرامەتی دانیشتوانی ئەو شارە سەربەرزەوە هەڕەشەی ئەتککردنی کەرامەتی کچانی ئەو شارە دەکات. چونکە ئەم وتارە باس لە قەسابەکەی بەڵکان دەکات، واتا سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ. بەڵام ئەگەر ئەو حیزبەی ئەو قەسابەی بەرداوەتە گیانی خەڵک هەڵوێست وەرنەگرێت ناچارەبین بگەڕێنەوە سەری، چونکە بۆ ئێمەی کورد سەختە ڕۆژگارێک کچەکانمان لەلایەن بەعسەوە ئەتکرابن و ئەمڕۆ بێدەگ بین لە هەڕەشەی کوردێک بۆ کردنی هەمان ڕەوشتی بەعسیانە.

میلۆسۆڤیچ لە پیاوێکی پەنهان و ئاییندە نادیارەوە بڵندبووەوە بۆ سەرۆکی یۆگسلاڤیای جاران. لەماوەی سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتەدا میلۆسۆڤیچ بەڕێوەبەری یەکێک لە خوێناویترین جەنگەکان بوو لە ئەورووپای پاش جەنگی دووەمی جیهانیدا، جەنگێک کە زیاتر لە قەسابیەکی بێ وێنەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو و قوربایەکانی بەزێدەتر لە چارەکە ملوێنێک کوژراو و چەند ملیۆنێک ئاوارە مەزەندە دەکرێت. دوێنێ (2006/03/11) ئەو پیاوەی وەک یەکەم سەرۆکی دەوڵەت لە هەیگ (لاهای) لە پرۆسەی دەدگاییکردندا بوو بەتەنها لە زیندانەکەی خۆیدا گیانی لەدەستدا. مەرگی میلۆسۆڤیچ هاوشێوە دەبێتە هۆی خەمبارکردنی دوو کۆمەڵی دژ بەیەک: یەکەم لایەنگرانی میلۆسۆڤیچ کە بریتین لە سربە ناشیونالیستەکان کە بڕوایان وایە میلۆسۆڤیچ لە قەسابیکردنی بەڵکاندا تەنها کەرامەتی نەتەوەیی ئەوانی دەپاراست و کارێکی هەڵەی نەکردوە. دووەم کەسوکاری قوربانی جەنگەکانی میلۆسۆڤیچ و لایەنگرانی دادوەریی لە سەراپای جیهاندا. مەرگی میلۆسۆڤیچ کۆتایی بە پرۆسەیەکی مێژوویی هێنا کە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەبووە ئەزمونێک و بۆ سەرکردەی ئەو دەوڵەتانی دەخوازن جینۆسایدی نەیارەکانیان بکەن دەبووە پەیامێکی ئاشکرا کە دادوەریی هەیە و ئەو کردانە بەسەریاندا تێپەڕنابێت.

میلۆسۆڤیچ لەدایکبووی 1941 ە. وەک باوکی ستالین، باوکی میلۆسۆڤیچ ڕاهێنانی وەرگرتبوو بۆ ئەوەی ببێت بە قەشە، بەڵام لەساڵی 1962دا خۆیکوشت. دەروازەکانی هەنگاونان بەرەو دەسەڵات کاتێک بۆ میلۆسۆڤیچ کرانەوە کە (میریانا مارکۆڤیچ)ی خواست، کچی یەکێک لە کۆمەنیستە باڵادەست و دەوڵەمەندەکانی سەردەمی (تیتۆ). هەندێک بڕوایان وایە کە ئەم ژنە پاڵنەری ڕاستەقینە بوو لەپشت میلۆسۆڤیچەوە بەرەو دەسەڵات و لە جەنگ و دادگاییکردنیشیدا پاڵپشتی ڕاستەقینەی بوو، هەربۆیە بە (خانمی ماکبێث)ی شانۆگەری بەڵکان ناسراوە. میلۆسۆڤیچ لە زانکۆ یاسای خوێند و سەرکەوتوانە کاری بۆ چەندین نوسینگەی پارێزەر دەکرد هاوکات درێژەی بە کارەکانی لەناو حیزبی کۆمەنیستدا دەدا. کاتێک میلۆسۆڤیچ بووە سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی سربیا هێشتا پیاوێکی نەناسراو و بیرۆکراتێکی

قیزەون بوو، بەڵام کاتێک سەردانی کۆسڤۆی کرد و گوتارە پڕ کینەکەی ئاراستەی ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ کرد ناوبانگی داخست و دەیان فرسەخ لە دەسەڵاتی ڕاستەقینە نزیکبووەوە. ناشیونالیزم ئەو ئایدۆلۆجیا کاریگەرە بوو کە میلۆسۆڤیچ لەڕێگەیەوە هەستی سربەکانی پێدەوروژاند، چونکە ئەو ڕۆژانە کۆمیونیزم لە لێژبوونەوەدابوو. ڕایەک هەیە کە دەڵێت میلۆسۆڤیچ پیاوێکی تینووی دەسەلات بوو زیاتر وەک لە ناشیونالیستێکی ڕاستەقینە، بەڵام لە کۆتایی جەنگەکاندا و بەتایبەتی لە کۆسۆڤۆ ئاشکرا دیاربوو کە میلۆسۆڤیچ لەسەر وروژاندنی هەستی نەتەوایەتیی سربەکانی بەڵکان درێژەی بە جەنگە خوێناویەکانی دەدا. لە جەنگەکانی کرواتیا و بۆسنیا ئەگەرچی هێزی سەربازیی سربەکان باڵادەست بوو بەسەر نەیارەکانیدا، فاکتەری هاوکاریی دەرەکیی بووە هۆی گۆڕینی هاوسەنگی توانا سەربازییەکان. ئەمریکا و ئەڵمانیا هاوکاری کرواتەکانیان دەکرد، لەکاتێکدا زۆربەی دوەڵەتە ئیسلامیەکان هاوکاری ماڵیی و چەکیان بە بۆسنیەکان دەبەخشی کە لە سەرایڤۆی پایتەخت شەڕێکی یەکلاکەرەوەیان دەکرد. دەشێت ڕەشەکوژی بۆسنیەکان لە (سربرانیکا) کۆتایی ئەو بێدەنگییە نێودەوڵتیە بێت کە بێباکانە لەو جەنگە خوێناویەیان دەڕوانی. لەو شارۆچکەیە سربەکان زیاتر لە حەوت هەزار کەسیان ڕەشەکوژی کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ناتۆ بۆردومانی سەنگەری سربەکان بکات و پاشان لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی کۆسۆڤۆدا دەست وەربداتە جەنگەکەوە و بۆ ماوەی حەفتاوهەشت ڕۆژ بۆردومانی سەختی بەڵگراد بکات کە بووە هۆی پاشەکشێی سربەکان لە کۆسۆڤۆ.

هەژدە مانگ پاش لوتشکانی میلۆسۆڤیچ لە کۆسۆڤۆ دەسەڵاتی لەدەستدا و حکومەتی نوێی سربیا گرتی و پاشان لە ساڵی 2001 تەسلیمی دادگای تایبەتی یوگۆسلاڤیای جارانی کرد لە لاهای. پرۆسەی دادگاییکردنی میلۆسۆڤیچ هێشتا کۆتایی نەهاتبوو کە گیانی لەدەستدا، بەڵام میلۆسۆڤیچ هەر لە سەرەتاوە بەهەموو شیوەیەک دژایەتی دادگای دەکرد تا دوێنی دوا مشتەکۆڵەی کوشندەی خۆی لە دادگا وەشاند و بەمەرگی لە تەنهاییدا کۆتایی بەو پرۆسە مێژووییە هێنا بەبێ ئەوەی بەئەنجام بگات و سزای میلۆسۆڤیچ بدات. مەرگی میلۆسۆڤیچ وەک ئاماژەیەک بەکاردێت لەلایەن ئەوانەوە کە دژی دادگا نێودەوڵەتیەکانن و لەکارا بوونیان بەدگومانن، چونکە درێژ خایاندنی ئەو دادگاییە گومان دەخاتە سەر شەرعیەت و کاریگەرییان.

لە کۆتایدا ئەگەرچی میلۆسۆڤیچ لە زینداندا ڕزی وەلێ هێشتا قوتابی و هاوشیوەکانی لەسەر شەقامەکانی سربیادا و لە کۆسۆڤۆ هەمان بالۆرەی کینەی ئەو دەچڕن. هەر وەک چۆن بە گیران و دادگاییکردنی سەدامی جەلادی کورد ڕەوشتی سەدامیی شەقامەکانی عێراقی بەجێنەهێشتوە. بەڵام ئەوەی جێگای شەرمەزاریە ئەوەیە کە هێشتا ئاسایشی کوردستان ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو ڕەوشتە بەعسی و سەدامیانەیەدا مامەڵە لەگەڵ دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بکات کە شایانی ڕێز و ژیانێکی باشترن. چ بەدبەختیەکە گەلۆ سەرکردەکانمان دز و بەرپرسەکانمان ڕەفتار فاشیست!

06/03/12

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند